# هونەرمەندانی نارِازیی بەیانیتان باش

**نیهاد جامی**

بەدەنگ هاتنی کۆمەڵە هونەرمەندێك لە ڕێکخراوی هونەرمەندان بۆ ئەوەی چیتر مافەکانیان پێشێل نەکرێت، دەنگێکە کە ڕێکخراوی هونەرمەندان نایەوێ بیبیستێت، خەریکە هونەرمەندانی نارِازیی لەهاوارەکانیان دەنگیان دەنوسێت، لەو ڕۆژەی ئەو ڕێکخراوەی ناوی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە خۆشبەختانە بۆ رۆژێکیش ئەندامی نەبوومە، وەك چۆن پێشتریش ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان نەبوومە، بۆیە لێرەدا دەمەوێ بۆچونەکانی خۆم لەو نێوەندە دەردەبڕم، من پێم وایە ئەو نارەزایەتیەی هونەرمەندان زۆر درەنگە، زۆر درەنگە تازە فریای چی دەکەون، فریای چی دەکەون لەکاتێکدا کورسیەکان بەش کراون، ئەمرۆ لەکۆنگرەی چەپلە لێدان وبرایەتی یەکیان نەگرتووە، نا کورسیەکان هەر لە سەردەمی شەڕی ئەو دوو حزبە دابەش کران، ئەو ڕێکخراوە بۆ گەندەڵ نەبوو کاتێ زۆرێك لە ئێوە بە ئومێدە فانتازیاکانی دەستەی بالاّ فریوتان دەخوارد، ئەگەر چی ئێستاش هەر باشە دەنگتان لێوە دێ ئێوە کاتێ ئەرزەتان وەردەگرت یا هاوکاریەك دەکران واتان دەزانی ئەوانە نوێنەری شەرعیتانن نەتان دەزانی ئەوانە حزب دایناون، نەتان دەزانی ئەوان بڕیارەکانیان وا لەمەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەریی و دیموکراتیەکانەوە دەردەچێت، ئازیزان من بۆ خۆم ئەو رۆژە تێگەیشتم کە دەستەیەکی کاتی بۆ سەندیکا دانرا بوو تاکۆنگرەی دامەزراندنی بکرێت ئەو کات من ئەندامی لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان بووم، کە ڕاستەوخۆ بێئاگاداری خۆم پێیان ووتم ئەندامی کۆنگرەی، هاوڕێیەکی شێوەکاری خودا دەست بە باڵیەوە بگرێت ئەو رۆژە پێی ووتم بیر لەوە نەکەیەوە بۆ سەرۆکی لقی کەرکوك خۆت هەڵبژێری ئێمە دەچینە لقی 3 بزانین ئەوان کێ تەرشیح دەکەن ئەو دەرفەتە بە تۆ نادرێ، چونکە تۆ حزبی نیت، من لەو ڕۆژەوە تێگەیشتم هەواڵم بۆیان نارد حاشا من ئەو سەندیکایە بەهی خۆم نازانم! حاشا ئێوە نوێنەری من نین، وەك چۆن متمانەم بە ئێوەی نارِازیش نیە. ئاخر ئێوە تازە بیر لەوە دەکەنەوە نارِازی بن ئەی ئەو هەموو کاتەی گەندەڵی ڕێکخراوی هونەرمەندانی دەخنکاند ئێوە لە کوێ بوون، من هیوادارم ئێوە لەو هەڵوێستەی خۆتان پاشگەز نەبنەوە، ئومێدیشم وایە هەوڵەکانتان ئاکامی باشی هەبێت، بەڵام ناتوانم بڕواتان پێ بکەم لەوەی سەرکەوتوو دەبن، چونکە دەترسم دەسکەوتە خەیاڵیەکانی حزب فریوتان بدات، من ڕۆژانە گوێم لە دەنگتان دەبێت، حەز دەکەم ئەو دەنگەتان بەردەوام بێت، ئەگەر دەنگی ئێوە بوو بە پڕۆژەیەکی جدی دەکرێت، دەکرێت پڕۆژەی چۆنیەتی کارکردنی نوێ بخەینە ڕوو، بە تایبەت لەهونەری شانۆدا، کە چۆن دەست بە شانۆ بکەینەوە، ئەگەر ئێوە ناکام مانەوە، کارەکان هەر لە دەستی ئەو دوو کارەکتەرە کۆمیدیە هونەریەی ناو یەکێتی و پارتی بوون دەبا بێدەنگ بێدەنگ سەیریان بکەین بزانین کەی ئەو ئەفسانە حزبیانە کۆتاییان دێت ئەوسا بیر لە هونەر بکەینەوە، تۆ کە ژیانت هی خۆت نەبێت، تۆ کە لەناو مردندا بیت کە جەللاد حوکمت بکات بەناوی هونەرەوە نارِازی چی، نارِازی لە ڕێکخراوی هونەرمەندان کە ژیان خۆی بریتیە لە نارەزایەتی، ئەوە هەرگیز ڕەشبینی نیە ئەگەر چی کاتێ ڕەشبین بین مانای کۆتایی ناگەیەنێت، بەڵکو دنیایەك هەیە دەمانەوێ جوان بێت، دنیایەك کە هەموو بەیانیەك لە بەردەم ئاوێنە دەوەستین خەونی جوانتر بوونمان هەیە، ئاخر چیبکەم ئەم بەیانیە کە لەخەو هەڵسام سەیرێکی خۆم کرد و لەبەر ئاوێنەکە ئێوەم بیرکەوتەوە، بۆیە ووتم"هونەرمەندانی نارِازی بەیانیتان باش" .